خوای گەورە دەپەرستیت وهیچ هاوبەشێکی بۆ بڕیار نادەیت، ونوێژەکانت ئەنجام دەدەیت، وفەریزەی زەکات دەدەیت، ورۆژوی ڕەمەزان دەگریت

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە: پیاوێکی ئەعرابی^ هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ووتی: ڕێنیشاندەرم بە بۆ کردەوەیەک کە ئەگەر ئەنجامی بدەم، ئەوا دەچمە بەهەشتەوە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «خوای گەورە دەپەرستیت وهیچ هاوبەشێکی بۆ بڕیار نادەیت، ونوێژەکانت ئەنجام دەدەیت، وفەریزەی زەکات دەدەیت، ورۆژوی ڕەمەزان دەگریت»، پیاوەکە ووتی: سوێند بە ئەوەی کە نەفسی منی بە دەستە، هیچ شتێک زیاتر لە ئەمانە ناکەم، کاتێک دوور کەوتەوە؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «هەرکەسێک پێی خۆشە پیاوێک لە ئەهلی بەهەشت ببینێت ؛ با سەیری ئەو پیاوە بکات».
^[دەشتەکی: مەبەست ئەو کەسانەیە کە لە دەرەوەی شارەکان دەژین، واتە لە دەشت وبیابانەکان دەژین، وپێیان دەووترێت: دەشتەکی].

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پیاوێکی ئەعرابی -دەشتەکی- هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆئەوەی ڕێنیشاندەری بێت بۆ کردەوەیەك کە دەیبێتە هۆی چوونە بەهەشتی، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەڵامی دایەوە بەوەی چوونە بەهەشت وڕزگاربوون لە دۆزەخ پەیوەستە بە جێبەجێکردنی پایەکانی ئیسلام ؛ بە پەرستنی الله بەتەنها، وبڕیار نەدانی هیچ شەریك وهاوبەشێك لە پەرستنیدا، وپێنج نوێژە فەرزەکە ئەنجام بدەیت کە خوای گەورە واجبی کردوون لەسەر بەندەکانی لە هەموو ڕۆژ وشەوێکدا، وزەکاتدانی سامان کە خوای گەورە واجبی کردووە لەسەرت، وبیبەخشیت بە ئەوانەی شایستەن. وبەردەوام بیت لەسەر ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان ؛ لەکاتەکەی خۆیدا. پیاوەکە ووتی: سوێند بە ئەوەی کە نەفسی منی بە دەستە، هیچ کردەوەیەک بۆ سەر ئەو پەرستنانە زیاد ناکەم ؛ کە لە تۆوە بیستم، وهیچ شتێکیان لێ کەم ناکەمەوە. کاتێک پیاوەکە دوور کەوتەوە؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: هەرکەسێک پێی خۆشە پیاوێک لە ئەهلی بەهەشت ببینێت ؛ با سەیری ئەم ئەعرابیە بکات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3689